### بەڕێوەبەری هاتووچۆی سلێمانی:

# لەسەر ئاستی تێگەیشتنی هاووڵاتییان مۆڵەتی شوفێری دەدەین



ئاراس رەئوف محەمەد

**دوای دەست بەکاربوونی وەکو بەڕێوەبەری نوێی هاتووچۆی سلێمانی عەمیدی هاتووچۆ (ئاراس رەئوف محەمەد) سەبارەت بەچەند کاروبارێکی هاتووچۆو لە وەڵامی چەند پرسیارێکماندا چەند زانیارییەکی خستەڕوو:**

**دیمانە/ هونەر کەمال- سلێمانی**

*** زۆر لەشەقامەکان کە دەبوایە ئۆتۆمبێل هاتوچۆی پێدا بکات کەچی لەلایەن عەرەبانەکانەوە داگیرکراون بۆ داواتان لە شارەوانی سلێمانی نەکردووە سنوورێک بۆ ئەمە دابنێ؟**

– ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی لەو بارەیەوە دانیشتنمان کردو پێمان خۆشبوو ئەو دانیشتنە ئەنجامێکی باشی لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئەو کارە تایبەتە بەشارەوانی سلێمانی، بۆیە پێم خۆشە ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەوان بکەن سەبارەت بە عەرەبانەو مێزو ئەو دوکاندارانەی کەل و پەلەکانیان لەسەر شۆستەکان داناوە شارەوانی سلێمانی چ بەرنامەیەکی هەیە.

*** ماوەیەکە ئەم پۆستە نوێیەت وەرگرتووە چ بەرنامەیەکی تایبەتت پێیە بۆ ئەوەی کە پیادەی بکەیت؟**

– بەرنامەی تایبەتمان نییە، هاتوچۆ بەرنامەو یاسای خۆی هەیە دەبێت دەقاودەق جێبەجێبکرێت، بەڵام لە هەموو فەرمانگەیەک هەندێک رۆتین و رێگری هەیە پێویستە لێکۆڵینەوەی دەربارە بکرێت، ئێمە ئێستا لە دیراسەداین کە وردە وردە بتوانین ئەو کارانەی کە کاریگەرییان بۆ سەر یاسا نەبێت کار ئاسانی بۆ هاووڵاتییان بکەین، ئەوەتا ئێمە تابلۆو مۆڵەتی شوفێری ساڵانەو پشکنینی ئۆتۆمبێل و کار ئاسانیمان بۆ خەڵک کردووە خەڵک خۆی بینیویەتی، بەڵام هێشتاش خۆمان نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە خۆمان دڵمان پێی خۆش بێت و دڵنیاش بن کە وردە وردە ئەو رێگرو رۆتین و ئەو کارانەی کە دەبێتە هۆی نارەحەتکردنی هاووڵاتی لە ئایندەدا چارەسەری دەکەین و من رۆژانە دەچمە ناوخەڵکەوە و پرسیار لەخەڵک دەکەم کە لەکوێ و بە چ کارێکی ئێمە نارەحەت دەبن پێمان بڵێن با چارەسەری بکەین، ئەگەر ئێمە ئەو کارانە نەکەین کەواتە هیچمان نەکردووە.

*** گلەیی لەوە دەکرێت کە بەزەحمەت مۆڵەتی شوفێری دەدرێت بە هاووڵاتییان؟**

مۆڵەتی شوفێری دەبێت بیدەیت بەخەڵک، بەڵام لەسەر ئاستی تێگەیشتنی هاووڵاتییەکە، ماوە گرنگ نییە، ئێمە لە هەموومان لە حەوت ساڵیدا چووینە قوتابخانە، بەڵام ئایا هەموومان بەیەکەوە دەرچووین و وەکو یەک بڕوانامەمان هەیە؟! نەخێر هەریەکەو لە ئاستێکدایە. کەواتە مۆڵەتی شوفێریش ئاستی تێگەیشتنە، ئەوکاتەی کە مۆڵەتی شوفێری دەدەیتە کەسێک ئەو مۆڵەتە هەر بۆ گیرفان نییە، بەرپرسە لەخۆی و ئۆتۆمبیلەکەی و گیانی خەڵکی دیکە هەروا کارێکی ئاسان نییە، ئەو ئۆتۆمبێلە هەموومان دەزانین ماڵی ئاگرە ئەگەر نەزانی بەکاری بهێنی دەبێت بە ئاگر بۆت و دەبێت بەکارەسات بۆت، کەواتە مۆڵەت دان زەمەن نییە ئەگەر ئێمە کردمان بە ١٠ رۆژ ئەوا دەستمان خۆشبێت، دەبێت ئەو هاووڵاتییە تێ بگات لە نەزەری و بزانێت ئەو هێمایەی لەسەر شەقامە مانای چییە و بزانێت هێلکاری سەر شەقام و ئیناره مانای چییە، مۆڵەت لەسەر ئاستی تێ گەیشتنی ئەو کەسە دەدرێت.

*** ئەی نوێکردنەوەی ساڵانە؟**

–بڕۆرە خوارەوە بزانە نوێکردنەوەی ساڵانە لە ماوەی یەک سەعاتدا تەواو دەبێت یان نا.

*** سێ شەقامی زۆر تەسک هەیە لەشاری سلێمانی شەقامەکانی سابونکەران و مزگەوتی گەورەو کانێسکان، بەرنامە بۆ چاککردنی ئەمە نییە؟**

– ئێستا بەردەوام کۆبوونەوە هەیە لە نێوان ئێمە و شارەوانی و کارەباو فەرمانگە خزمەتگوزارییەکاندا، سەبارەت بەو شەقامانەش لەسەرەتای دروستبوونی شاری سلێمانییەوە هەن و ئەو موڵکانەی سەر شەقامەکان موڵکی خەڵکن کەواتە دەبێت ئەوانە ئیستملاک بکرێن، بەڵام دڵنیابن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بۆ جوانکاری سلێمانی هەیە.

# حکومەتی هەرێم کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی دەکات




**هۆشمەند ڕەفیق-بەیروت/لوبنان**

لە (بەیروت)ی پایتەختی لوبنان، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی پەیمانگەی توێژینەوەوستراتیژی عێراقی لە بەیروت، خولێکی مەشق و ڕاهێنانی بۆ(١٠) بەڕێوەبەری وەزارەتە جۆراوجۆرەکان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١١/٣٠ بەڕێوەبرد، وا بڕیارە لە سێیەمین هەفتەی سمینارەکاندا باس لە چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی گشتی و هۆشیاری یاسایی لە بوارەیەوە بکرێت.

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/٣٠ پەیمانگەی توێژینەوەوستراتیژی عێراقی لە (بەیروت)ی پایتەختی لوبنان، بەهەماهەنگی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خولێکی ڕاهێنانی یەک مانگی بۆ (١٠) کارمەندی هەریەکە لە وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پلەی (بەڕێوەبەر) کردەوە، کەتیایدا بەڕێوەبەری هەریەکە لە وەزارەتەکانی (شارەوانی وگەشتووگوزار ودارایی وگواستنەوەوگەیاندن وپەروەردەو ڕۆشنبیری ولاوان وئاوەدانکردنەوەونیشتەجێکردن وپلانداندنان وکشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو و زانکۆی سەلاحەدین و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران) بەشداری ئەم خولەیانکردووە، ئەوەی جێگەی باسە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی ئەوهەنگاوانەی گرتۆتیەبەر بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی لەدامەزراوەکاندا، ئێستا کارمەندانی رادەهێنێت تا هۆشیاری یاسایی و ڕۆشنبیری کارگێڕی و زانیاری زیاتر وەربگرن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکادیمی بەرەنگاری گەندەڵی بێتەوە، تا حکوومەتێکی پڕۆفیشناڵ وتەندروست بهێنێتەکایەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەیش بە هەماهەنگی پسپۆڕانی پەیمانگەی توێژینەوەوستراتیژی عێراقی لە بەیروت بۆ یەکەمینجار خولێکی یەک مانگی بەناونیشانی (بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و نەزاهە) بۆ (١٠) بەڕێوەبەری وەزارەتەکانی حکوومەتی هەرێم کردووتەوە.

سەبارەت بە وردەکاری زیاترو شێوازی بەڕێوەچوونی خولەکە (حسێن محەمەد) بەشداربووی خولەکە لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) گوتی: (ئێوارەی ٢٠٠٩/١٢/٣٠ شاندەکەمان بریتی بوو لە(١٠) بەڕێوەبەر کە پێکهاتبوو لە (نیشتیمان عەبدولقادر لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، سیروان عزالدین نیعمەتوڵلا لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، ئەحمەد عەبدولمەجید یوسف لە وەزارەتی پلاندانان، هۆشمەند ڕەفیق لە زانکۆی سەلاحەدین، جەوهەر ئەنوەر نایف لە وەزارەتی پەروەردە، ئارام ئەنوەر عومەر لە وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن، محەمەد عەلی حەمەد لە وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، نیکار سابیر لە وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان، ڕۆژگار خالید حەسەن لە وەزارەتی دارایی، حسێن محەمەد ئەمین لە وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو) گەیشتە بەیروتی پایتەختی لوبنان، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/١ بەشداری خولکەمان کرد، لەو خولەشدا (٣٠) کارمەندی دەزگای نەزاهەی عێراقی فیدراڵ بەشداربوون، بە دوو گروپ هەر گروپی (٢٠) کەس دەبووین، ڕۆژانە (٥) موحازەرەمان دەخوێند لەکاتژمێر (٨,٣٠) بەیانی تا (٤ ئێوارە) موحازەرەکان بەردەوام بوون جگە لە ڕۆژانی یەک شەممە کە لە لوبنان ئەو ڕۆژە پشووە، لە ڕۆژی پشووەکەیشدا سەردانی شوێنە گەشتیاری و شوێنەوارییەکانی بەیروت وشارەکانی دیکە دەکەین.

هەروەها دەمەوێت ئەوە بلێم سوپاسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەم لەو هەنگاوەی گرتۆتییە بەر لەپەروەردەکردن وپڕچەککردنی کارمەندانی بە زانیاری تازەو نوێی سەردەمیانە تا بێنەوە لە کوردستان ئەو زانیاریانە بخەینە واری کردەنییەوە).

## سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید:

# بەبڕی ٧٠ ملیار دینار پڕۆژەی خزمەتگوزاری لە هەڵەبجەی شەهید جێبەجێ دەکرێت



**دیمانە: ئاوات مەحمود- هەڵەبجەی شەهید**

**لە بەسەرکردنەوەیەکدا بۆ هەڵەبجەی شەهید، بەڕێز (خدر کەریم) سەرۆکی شارەوانی ئەو دەڤەرە سەبارەت بە کارو چالاکی و ئەو پڕۆژانەی کە لەو دەڤەرە ئەنجام دەدرێن چەندین زانیاری بەکەڵکی خستەڕوو و سەرەتا گوتی:**

**ئەو پڕۆژانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٩ دا دەستمان پێکردبێت ئەمانەن:**

١) یاریگا نێودەوڵەتییەکەیە کە بەشێکی بودجەکەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە دابین کراوەو تەواوکارییەکەی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوەیە.

٢) رێگای نێوان مۆنۆمێنتەکە کە دەچێت بۆ مەزاری شەهیدان کە دوو سایدەو ئێستا کاری باشی تێدا دەکرێت کە ئەویش بودجەکەی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەوە دابینکراوە.

٣) پڕۆژەی قیرتاوکردن و شۆستەی گەڕەکی فەرمانبەران و مەرزە بۆتۆیە تا دەگاتە شەهید فاتیح.

٤) پڕۆژەی هەر سێ بەشی شارەوانی (١ و ٢) و شەقامی کازیوەو گەڕەکی گوڵان و مامۆستایان تەواوبووەو لە (٩٠٪)ی پڕۆژەی گەڕەکی سەراو و پاشاو شەهیدان تەواو بووەو هەندێ چاککردنەوەی ماوە.

٥) یاریگای ساحەی کۆن تەواو بووە.

٦) پڕۆژەی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گشتی ١٠٠ قەرەوێلەییە.

٧) دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە منداڵان و ئافرەتانەوە.

٨) دروستکردنی نەخۆشخانەی تایبەت بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی، کە ئەم سێ نەخۆشخانەیە قۆناغی باشیان بڕیووە.

٩) چەند قوتابخانەیەکی نموونەیی دروست دەکەین، کە ئێستا لە جێبەجێکردندایە کە دوانیان ٢٨ پۆلن و دوانیان ١٨ پۆلن کە رێژەی لە ٦٠٪ی هەر چوار قوتابخانەکە تەواو بووە.

١٠) پڕۆژەی دروستکردنی بنکەی راهێنانی ئافرەتان کە لە تەواوبووندایە.

١١) پڕۆژەکی نۆژەنکردنەوەی کارەبا لە شەقامە گشتییەکان.

١٢) پڕۆژەی دروستکردنەوەی ماڵی (عومەری خاوەر) کە دەکرێت بە مۆنۆمێنت کە ئەویش تەواو بووەو تەنها پاکتاوی کۆتایی ماوە.

*** بەنیازن چ پڕۆژەیەکی دیکە بە ئەنجام بگەیەنن؟**

- بە نیازین ئەم پڕۆژانە ئەنجام بدەین:

١) پڕۆژەی ناوچەی پیشەسازی زەمەقی.

٢) لە گەڕەکەکانی (سەروەری و پیرمحەمەد و جولەکان و کانی ئاشقان و بەشێک لەسەراو باخی میر)، بە بودجەی (٢٢،٦٧٠) بیست و دوو ملیارو شەست و حەفتا ملیۆن دینار، چەند پڕۆژەیان تێدا جێبەجێ دەکەین و ئەمساڵ دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** کێشەتان لەگەڵ هیچ بەڵێندەرو کۆمپانیادا نەبووە؟**

- کێشەمان لەگەڵ چەندین کۆمپانیادا هەیە، لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کێشەی بۆ دروستکردین کە پڕۆژەی تۆڕی ئاوی هەڵەبجەی هەبوو تا ئێستاش هەر لە کێشەداین هەرچەندە ئێستا فەرمانگەی ئاو جیابۆتەوە خۆیان سەرپەرشتی دەکەن تا ئێستاش گرفتی بۆ خەڵکی هەڵەبجە و

دائیرەی ئاو دروستکردووەو تازە خەریکە چارەسەری دەکەین و هەندێکی لەسەر بودجەی بەڕێز مام جەلالەو خۆشبەختانە جێبەجێمان کردو زیاتر لە ٢٠٠٠ هەزار ماڵمان لە بێ ئاوی رزگار کرد، پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە دراوەتەوە بە بەڵێندەرێکی دیکە کە جێبەجێی بکات، بەڵام بەداخەوە ئەو بەڵێندەرەش وەکو پێویست کارەکانی جێبەجێ ناکات و ١٠ بیری ئیرتیوازی لێدەدەین و هەمووی دەکەینەوە بەیەک، تۆڕێکی تایبەت دروست دەکرێت هەموو ئاوەکانی هەڵەبجە ئەوەی کە لە ئەحمەدئاواوە دێت و لەگەڵ ئەو بیرانەی کە لێدەدرێن دەبەسترێنەوە بەیەکەوە، لەگەڵ دروستکردنی چەندین خەزانی ئاو، ئێستا بەبڕی زیاتر لە ٧٠ حەفتا ملیار دینار پڕۆژە لە هەڵەبجەی شەهید لە جێبەجێکردندایە.

*** سەرۆک بارزانی بودجەیەکی بۆ چەند پڕۆژەیەکی هەڵەبجە دابین کرد ئەو پڕۆژانە گەیشتنە کوێ؟**

– شارەوانی یەک و دوو لەگەڵ شەقامی سەرەکی کازیوەی منداڵان بۆ زانینەکان ئەوە لە (١٠٠ ٪) تەواو بوون کە بریتی بوون لە ئاو و ئاوەڕۆو شۆستە کەبایی (١٢) ملیۆن و حەوسەدو پێنج هەزار دۆلار بوو و جێبەجێ بووەو کۆتایی هاتووە.

*** وەکو پاکردنەوەی ناو شارو گەڕەکەکانی لە خۆڵ و خاشاک چ بەرنامەیەکتان هەیەو تا چەند ئامێرو سەیارەی پێویستان بۆ دابین کراوە؟**

– گرفت هەبووە، بەڵام تا رادەیەکی باش توانیومانە چارەسەری بکەین، خۆشبەختانە ئێستا زۆربەی شەقام و کۆڵانەکانی هەڵەبجە لە قیرکردندایە لەساڵی داهاتوودا چەندێک ئالیەتمان هەیە، بەتایبەتی ئۆتۆمبێلی خۆڵ گەوەندەی دیکەمان بۆ نەیێت تووشی گرفت، دەبین ساڵی داهاتوو ئەگەر لە (١٠٠ ٪)ی شەقام و گەڕەک و کۆڵانەکانی هەڵەبجە قیرتاو نەکرێت ئەوا بەلانی کەمەوە لە (٥٠ ٪)ی زیاتر قیرتاو دەکرێت کەواتە ئەمە پێویستی بە کارمەندو ئۆتۆمبێل و ئالیەت هەیە، بەڵام زۆر نییە، شۆفلێ زنجیرمان نییە، گەسکی خۆڵ ئێستا دوواممان هەیە کە زۆر کەمەو بەردەوامیش لە هەوڵداین بۆ چارەسەرکردنی ئەمەو ئەوەندەی شارەوانییە گشتییەکانی سلێمانی بۆی کرابێت هاوکاری کردوین، بەڵام دەبێت ئێمە خەم بخۆین ئەوەندەی ئێستا هەمانە ساڵی داهاتوو دەبێت ئەوەندەی دیکەمان بۆ دابین بکرێت.

*** بەرنامەتان بۆ جوانکاری ناو بازاڕو دەروازەکانی شاری هەڵەبجە چییە؟**

– ئێمە دوو گرفتمان هەیە، یەکێک لەوانە بوونی پیشەوەران بەتایبەتی لە دەروازەکاندا، ئێستا ئەمەمان چارەسەر کردووەو ناوچەی پیشەسازیمان دروستکردووە، ئاو و کارەباو ئاوەڕۆمان بۆ راکێشاوە، بە ئومێدین ساڵی ئاییندە هەموو پیشەوەرەکان بەرینە دەرەوەی شار بۆ ناوچەی پیشەسازی، دووەمیان دەمێنێتەوە ئەو دوکانانەی کە کۆنن لەناو بازاڕدا تەملیکیان بکەین و هەموویان خەملاندووەو هەر مەتر چوارگۆشە (٢٥٠) دۆلارە کە نزیکەی بایی ١٠ ملیۆن دۆلارە کە قەرەبوویان بکەینەوە، قۆناغی یەکەم ناو بازاڕ لای (مزگەوتی پاشا) دوکانەکانی حەمەی سافە ئەوە بایی ملیۆنێک دۆلارە خەملاندوومانەو چۆتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ رەزامەندی قۆناغی یەکەم ئەوە دەستپێدەکەین و قۆناغ بە قۆناغ شوێنەکانی دیکەشی دەستپێدەکەین.

*** سەبارەت بە دروستکردنی پانتایی سەوزایی چ بەرنامەو پلانێکتان هەیە؟**

– لە هەموو سەر شەقامەکان نەمام دەچێنین، بەڵام بە داخەوە شوێنی وا هەیە چوار جار نەمامان لێ ناشتووە دەیشکێنن، و ئەو شوێنەی لای مزگەوتی پاشا کەبایی ملیۆنێک دۆلارە کە رووخاندمان دەیکەین بەشوێنێکی جوانی دانیشتن و فەوارەو سەوزایی لێ دروست دەکەین و ئەو حەمامەی بەرامبەر خۆمان ئەوە موڵکی شارەوانییەو دەڕۆخێنرێت و دەکرێتە فوارەیەکی جوان، لە تەنیشت نەخۆشخانەی (عەنەب) لەگەڕەکی شارەوانی چەند باخچەیەکمان دروستکردووەو تەواوبوون و لەگەڕەکی مامۆستایان باخچەیەکمان تەواوکردووە، بەڵام سەوزکردنی ماوە، لە گەڕەکی گوڵان لەسەر بودجەی مام جەلال پارکێکی نموونەیی دەکرێت لوبنانییەکان وەکو پارکی دایک لە سلێمانی دروست دەکەن وەسێ بیریان لێداوە خۆشبەختانە پڕن لە ئاو، لە دارستانەکەی باوە کۆچەک شەلالەیەکی ئاوی جوان دروست دەکرێت و پارکێکی ٤٢ دۆنمیان دەستپێکردووە.



**Traffic**

## پاراستنی منداڵان
## لە رووداوی هاتوچۆ



یوسف محەمەد بارزانی *

وەک ئاشکرایە ماوەیەکە رووداوەکانی هاتوچۆ روو لە زیادبوونە ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام و رێگاوبانەکانی دەرەوە دیارە لە نێوەندی ئەم رووداوانەش خەڵکانێکی زۆر لە هاووڵاتییان گیان لە دەست دەدەن بەشێکی زۆریش لەم نێوەندە منداڵانی بۆیە بەو پێیەی کە ساڵانە لە کۆی رووداوەکانی هاتوچۆ لە جیهاندا کە دەگاتە (١,٢٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دوو سەد هەزار کەس دەمرن کە زیاتر لە (٤٠٠,٠٠٠) چوار سەدهەزار منداڵان لەنێو ئەم رووداوانە دایە بەپێی ئامارە رێکخراوی تەندروستی جیهانی جا چی وەک سەرنشین لەنێو ئۆتۆمبێلەکاندا یاخود پیادەروو یاخود لەکاتی چوونیان بۆ قوتابخانە یاخود یاریکردنیان لەسەر شەقامەکان، بۆیە لێرەوە بە پێویستی دەزانم کەوا ئامادەکردنی و پارێزگاریکردنی بۆ منداڵان لەکاتی سواربوونی ئۆتۆمبێل دا ئایا کەوا لەگەڵ دایک و باوکێ یاخود بلێین لەکاتی سواربوونی ئۆتۆمبێل بۆ قوتابخانە پێویستە لەسەر خوشک و برا شوفێرەکان بۆ پارێزگاری ئاگاداربوونی منداڵانی ئەمانەن:

١- پێویستە بەکارهێنانی قایشی ئەمان (حزام ئەمانە) بۆ منداڵان کەوا کەمکردنەوەی لە رووداوەکان، هەروەها کورسی تایبەت بە منداڵان لەسەر کوشنی دواوە پێویستە بۆ پارێزگاری کردنی منداڵان لەکاتی کەوتنی رووداودا راوەستانی کتوپڕ. هەروەها پێویستە هەرگیز منداڵ بەجێی نەهێڵێن کەوا راوەستێ لەسەر کوشن دا لە دواوە یان لەسەر رێگای ئۆتۆمبێلی قوتابخانەدا.

٢- لەکاتی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا پێویستە کەوا دەرگای ئۆتۆمبێل و جام کەوا داخراو بن هەرگیز رێ نەدەن بەکردنەوەیان رێیان پێ مەدەن کەوا سەریان و دەستیان دەربهێنن بۆ دەرەوە.

# تاکەی پردی خاسەی کەرکووک بەو جەنجاڵییە بمێنێتەوە؟!

هەموو جارێک کەسەردانی شاری کەرکووک دەکەم خەم و پەژارە دامدەگرێ و لە ناخەوە دڵم نارەحەت دەبێ بۆ زۆر جێگاو شوێنی ئەو شارە خۆشەویستە کە لەلایەن بەرپرسانی بەرزی شارەکەوە فەراموش کراوەو ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لێنادرێتەوە، یەکێک لەو شوێنانەی کە ساڵانێکی زۆرە بەهۆی قەرەباڵغی و جەنجاڵی جمەی دێ، پردی خاسەیە، ئەو شوێنە زۆر دیارو بەرچاوە لە شارەکەو ئێستا خەڵکێکی زۆر کاروکاسبی لەسەر دەکەن و بژێوی ژیانی خۆیانی لەسەر دابین دەکەن و بەپێی ئەو مانەوەشیان لەوەدەچێ کەسێک ناتوانێ هەروا بەئاسانی ئەو خەڵکە لەسەر ئەو پردەکە دوور بخاتەوە.

هاووڵاتی کاسبکار نازم عەبدولکەریمی تەمەن (٣٢) ساڵ دەڵێ: من کەدەرچووی ئامادەییم زۆر هەوڵمدا وەک ئەو خەڵکە لە فرمانگەیەک وەک فەرمانبەر دابمەزرێم، بەڵام چەندی کردم، هیچم بەهیچ نەکرد، بۆیە ناچارم لەسەر ئەو پردە هەوڵی بژێوی ژیان بدەم، چونکە ژیانە قورسەو خۆشم خاوەنی (٧) سەر خێزانم، کەچی هەموو جارێک شارەوانی هێرشمان دەکەنە سەرو پێمان دەڵێن دەبێ ئەو شوێنە چۆڵ بکەن و بچنە شوێنێکی دیکە، کە دەکەوێتە پشت مزگەوتی عەبدولڕەزاق، دیارە ئەو جێگایەش زۆر ناخۆشە خەڵکی بەزەحمەت دەیگاتێ و تاکو ئێستاش وەک مەیدانی ئاژەڵان وایەو کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی تێدا دەکرێ بۆیە ناویان ناوە (ئەشەک مەیدان) سەرباری ئەوەش جێگاکە زۆر پیس و پۆخڵە، بۆیە دەکرێ لەدەوروبەری پردەکە دوکانی ئاسنمان بۆ دروست بکەن بۆ ئەوەی ئێمەش زەرەرنەکەین و کڕیارەکانمان لەدەست نەچێت، پاشان دیمەنی شارەکەش تێک ناچێت.

هاووڵاتییەکی دیکەی کاسبکار بەناوی (کەمال محەمەد) ئەمیش ماوەیەکە لەوێدا کاروکاسبی دەکات بۆ وەڵامی هەمان پرسیار دەڵێ: من تەمەنم (٤٦) ساڵەو دەرچووی کۆلیژم و خاوەنی ماڵ و خێزانم و نزیکەی (٨) ساڵیشە لێرەدا کاسبی دەکەم، شارەوانی هەڕەشەی دەرکردنمان لێ دەکەن، ئێمە لاریمان لەوە نییە، بەمەرجێک شوێنێکی کەمێک شیاومان بۆ دابین بکەن تاکاسبی تێدا بکەین و سەر پردەکەش چۆڵ بکەین تا دیمەنی شارەکەش جوانتربێت. ئەمانەو هەموو کاسبکارەکانی سەر پردەکە لەناخەوە حەزیان، نەدەکرد بەو شێوەیە ئەو شوێنە داگیربکەن و کاسبی رۆژانەیان لەسەر بکەن، بەڵام لەهەمان کاتیش بەهۆی بژێوی ژیانی ماڵ و خێزان ناچاربوون لەسەر ئەو پردەدا کاسبی بکەن کە رۆژانە خەڵکێکی زۆریان لە دەورە کۆدەبێتەوە و تا ئەندازەیەکی باش بازاڕێکی گەرموگوڕو بەرهەمهێنیان هەیە، بۆیە هەموویان داواکارن بازاڕێکی هاوچەرخ و شارستانییان لەناو شار بۆ دابین بکەن تا ئەمانیش سەر پردی خاسە چۆڵ بکەن کە دەمێکە بەهۆی ئەو هەموو جەنجاڵییەوە شێلدراوەو سیمای شارستانی خۆی لەدەستداوە.

**ئا: وێنە: شێرزاد هەورامی**



## پرسە بۆ هاوکارمان ئازاد لەشکری

هەفتەی رابردوو، دڵی دایکی هاوکارمان ئازاد لەشکری لەلێدان کەوت، بەوبۆنەوە، لەناخی دڵمانەوە، پرسەی سەرنووسەرو ستافی ئەم گۆڤارە ئاڕاستەی کاکە ئازاد و رزگار و هیمداد دەکەین و هیوامان وایە کە ئەمە دوا کۆستیان بێ و خوای گەورە بەبەهەشتی بەرینی شادبکات.

# تاکەی شۆستەکان داگیربکرێن؟!



ئەمڕۆ لە نێو بازاڕەکانی شاری هەولێر هەندێ دیاردە زۆر بەزەقی دیارن و هەر لە دوورەوە هەستی پێدەکرێت، ئەویش داگیرکردنی شۆستەکانە لەلایەن ژمارەیەک دوکاندار، ئەوانەی هیچ هەست بە بەرپرسیەتی ناکەن و پێیان وایە لەشارێکی بێ یاسادا مامەڵەی کڕین و فرۆشتن دەکەن. ئەوەی جێگای نیگەرانیشەو هی ئەوەیە قسەی لەسەر بکەی، چۆنیەتی سزادانی ئەوانەیە کە بە رۆژی رووناک ئەو جۆرە سەر پێچیانە دەکەن و بەرژەوەندی باڵای خەڵکی ژێر پێ دەخەن و هەرکاتێکیش لەلایەن دەستەڵاتەوە رووبەڕووی سزادان دەبنەوە، ئیدی هاواریان لێ هەڵدەستێ و هەزار و یەک قسە هەڵدەبەستن و یەکەمین قسەشیان ئەوەیە دەڵێن لایەنە بەرپرسەکان ناهێڵن ئێمە کاروکاسبی رۆژانەی خۆمان بکەین.
دیارە هەر لە ئەنجامی ئەو جۆرە سەرپێچیەش هەموو شەوانە تیمی شارەوانی چەندین تەن زبڵ و پاشماوەی پیسایی لەسەر شۆستەو شەقامەکان هەڵدەگرن و لەشاری دووری دەخەنەوە، هەر بۆیە هاواری ئێمەو هەموو ئەوانەش ئەوەیە تاکەی ئەو دیاردە ناشارستانییە بەردەوام بێت و شۆستەکان بەو شێوەیە داگیر بکرێت و مافی هاووڵاتییان بە رۆژی رووناک زەوت بکرێت. من لە پێناو پاک راگرتنی شارەکان پێشنیاری ئەوە دەخەمەڕوو ئەوانەی بەوکارە هەڵدەستن و ئەو جۆرە سەر پێچیانە دەکەن توندترین سزابدرێن و هەرگیز چاوپۆشیان لێنەکرێت.

**سیروان ئەحمەد**

### لێرەوە دەیڵێم

## دەستەواژەی راگەیاندن!!



**ئازاد هەینی**

هەمووومان ئەوە باش دەزانین زمان لە راگەیاندن پردێکی پەیوەندی چالاکە لەنێوان راگەیاندنکاران و کۆمەڵانی خەڵک، ئەم زمانە وەک هەر دەقێکی دیکە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بێژینگکردن و پاراستنی ئەرکی هەموومانە، بەپلەی یەکەمیش حکومەتی هەرێم، هەموو بەیانییەک کە لاپەڕەی رۆژنامەکان هەڵدەدەینەوە بە ئاشکرا لەم دێڕ و ئەو دێڕ دەستەواژەی سەیر و سەمەرە دەبینین کەسەری زۆربەی خوێنەرانی شێواندووە، هەندێ دەستەواژە هەیە خاوەن گەورەترین بڕوانامە نازانێ مانەکەی چییە، نازانم حیکمەت لەچیدایە ئەم دەستەواژە بێگانانە دەخەنە ناو نووسینەکانیان، هەندێجار لەیەک دێڕ چەند دەستەواژەیەکی جیاواز دەبینین بەیەک مانا، کە بێشکە خوێنەر تام و چێژ و تێگەیشتن لە وشەی سادە و خۆماڵی زووتر وەردەگرێ لەوەی بێگانەکان بەتایبەتیش لە رۆژنامەکان، جارجاریش وایلێهاتووە وشەو ناوی کوردی هەریەکە و بەجۆرێک ناوی دەبات کە ئەوەش دەستپێکی لەپشتەوەیە، وەک (ئافرەتان و ژنان، قوتابییان و خوێندکاران، سەدان ناوی دیکەی لەم جۆرانە)، بۆ ئەوەی ئەو هەموو رەخنانەی کەتا دوێنێش لەدەزگاکانی راگەیاندنی خۆمان دەگیرا، بەوەی کە نەیتوانیوە بابەتییانە و زانستییانە ئەو گرێ کوێرەیە چارەسەر بکات، هەقە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەستپێشخەربێت، ئەم ساڵ لە ئەجندای خۆی ئەوە دابنێ کۆنفرانسێکی گەورە و فراوان ساز بکات لەگەڵ هەموو دەزگاکانی راگەیاندن بە بانگهێشتکردنی چەندین پسپۆڕی لەبواری زمانەوانی و راگەیاندن بۆ یەکخستنی دەستەواژەکانی راگەیاندن، حکومەتیش هەم چاودێر بێ هەم جێبەجێکار بێ، چیتریش داواکاری گشتی دەست بە ئەژنۆ نەوەستن، تەنها سەیر کەر نەبن، تۆزقاڵێک بە ئەرکی سەرەکی خۆیان هەستن و ببنە چاودێرێک و داکۆکیکەرێکی راستەقینەی ئەم وڵاتە بن.

## هەق و ڕەق

# نامەیەکی سەرنج ئامێز بۆ بەڕێز وەزیری کارەبای هەرێم
# عاموودەکانی کارەبا مەترسیی مەرگێکی ناوەختیان لێدەکرێت!!



عەزیز هەریری

چەند ساڵێک بەری ئەمڕۆ، کە هێشتا ئەو کۆمپانیایانەی مۆبایل لەکوردستاندا وەکو پێویست جێگیرو دەست بەکار نەبووبوون، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەرییەکی باشی کرد بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی نۆڕماڵ، بۆ ئەم مەبەستەیش لەهەردوو گەڕەکی (نەورۆزو برایەتی)و، چەند شارۆچکەیەکی دیکەی دەرەوەی سەر بەپارێزگەی هەولێر پڕۆژەیەکی بەرفراوانی دانانی تەلەفۆنی نۆڕماڵی دەستپێکرد، ئەوەبوو ئەوسا هاووڵاتییانی نێوشاری هەولێرو شارۆچکەکانیش لێی وەخۆ کەوتن بۆ ئەوەی لەو خزمەتگوزارییەدا پشکداربن و هێڵی تەلەفۆنییان بەرکەوێت، سەرەتا واپڕیاربوو بەپێی ماف و شایستەیی و قورعەیەکی دادوەریانە پڕۆسەی دابەشکردنەکە بەڕێوەبچێت : بەڵام سەرباری ئەوەیش بەشێکی زۆری خەڵک و هاووڵاتییان پەنایان وەبەر چەند هۆکارێکی دیکەی دوور لەو پڕۆسەیە برد، بەهەرحاڵ خەڵکانێکی زۆر بوونە خاوەن تەلەفۆنی نۆڕماڵ، ئەوەبوو لەساڵی یەکەم و دووەمیشدا ئەو هۆکارەی پەیوەندی و گەیاندن ڕۆڵێکی باشی بینی بۆ ئاسانکردنی کارو ئەرکی ڕۆژانەی هاووڵاتییان، بەڵام ئەوەی زێترجێگەی هەڵوەستەکردنە ئەو خزمەتگوزارییە گرنگە وردە وردە سست بووەوە تا وایلێهات پڕۆژەکە ئەو پەیوەندییە فەرمییەی لەگەڵ داوودەزگاکانی وەزارەتی گواستنەوە نەماو لەبری ئەوان دیارە بەپێی گرێبەندێک درایە کۆمپانیایەک و، ئیتر زۆر لەو فەرمانبەرو کارمەندانەی حکومەت بەناچاری پەرتەوازە بوون و، هەندێکیان خانەنشین کران و زۆربەی هەرە زۆریشیان بۆ داوودەزگاکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوێزرانەوە.

یەکێک لەو گرفت و هەڵە هونەرییانەی لەسەرەتای ئەنجامدانی پڕۆسەکە بەهەند وەرنەگیراو ئاوڕی لێنەدرایەوە، بریتی بوو لەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو تەل و هێڵانەی بۆ ماڵ و داوودەزگاو نووسینگەکانی حکومەت و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کێشراون لەبری ئەوەی عاموودی تایبەتیان بۆ دابنرێت ئێستایشی لەگەڵدابێت لەعاموودەکانی کارەبا بەستراون و، لەزۆر شوێنیش لەگەڵ وایەری کارەبای موەلیدەکانی ئەهلی تێکەڵ بەیەکتری دەبنەوە، کە ئەمەیش بۆتە هۆی ئەوەی زوربەی هێڵەکانی تەلەفۆن بەبەردەوامی لەئاکامی شۆرتی وایەری کارەبای موەلیدەکان و، لێککردنی وایەرەکانی دیکەی کارەبای نیشتیمانی، کە هەر هەموویان بەعاموودەکانەوە بەستراون دەسووتێن و تەنانەت لەزۆر گەڕەکی شاردا هەر بەو هۆیەشەوە تابلۆکانیش سووتاون، دیارە لەئەنجامی ئەوەیشەوە کەم ماڵ هەیە بەمانگ و دوو مانگ ئەگەر زێتریش نەبێت بەبێ خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی نۆڕماڵ ماونەتەوەو حاڵی حازر وەکو پێویست سوود لەو خزمەتگوزارییە نابینن.

لەلایەکی دیکەوە ماوەی نزیکەی دوو ساڵێکە (کۆمپانیای کالین) کەتایبەتە بەکاروباری خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی نۆڕماڵەوە کارمەندو تیمەکانی چاککردنەوەی سەر بەو کۆمپانیایە زوو زوو بۆ چاککردنەوەی هێڵی تەلەفۆنەکان بەهانای هاووڵاتیانەوە دەچن و، بۆ ئەو کارەی دەشیکەن هیچ پارەیەک لەبەرامبەر ئەنجامدانی ئەو ئەرک و کارە خزمەتگوزارییە وەر ناگرن، بێگومان ئەمەیش پێویست بەوە دەکات، کە کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە ئەوانەی کارو ئەرکی چاککردنەوەی هێڵەکان ئەنجام دەدەن لەلایەن دەزگا پەیوەندارەکانەوە ڕێزیان لێبگیرێت.

بەڵام ئەوەی کە زێتر پێویستە قسەی لەبارەوە بکەین، ئەوەیە کە دەبێ وەزارەتی کارەباو، لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپەلەو بەجیدی کار بۆ ئەوە بکەن ئەو کۆمپانیایەی بەمەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی نۆڕماڵ بۆندی لەگەڵ حکومەتدا مۆرکردووە (عاموودی تایبەت) بۆ هێڵەکانی تەلەفۆن دابنێت، تاوەکو لەلایەک هاووڵاتییان لەوەزێتر لەئاکامی سووتانی کابینەو هێڵەکانی تەلەفۆن زەرەرمەند نەبن و، لەلایەکی دیکەیشەوە کارمەندانی وەزارەتی کارەبا، ئەوانەی بەکاری چاککردنەوەی هێڵەکانی کارەباوە پەیوەندارن تووشی مەترسیی لێدانی کارەبا نەبنەوە، کەپێمو ایە تا ئێستا چەندین جار ئەو کارمەندانە ڕووبەڕووی مەترسی و مەرگی ناوەخت بوونەتەوە، بەهۆی ئەو هێڵانەی تەلەفۆن و هێڵەکانی دیکەی تایبەت بەموەلیدەی ئەهلییەوە، ئەمە جگە لەو دیمەنە ناشارستانی و ناشیرینەی بەعاموودەکانی کارەباوە دەبیندری، کە لە زۆر شوێندا هێندە وایەری ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆریان تێئاڵێنراوە هەر لەتەونی جاڵجاڵۆکە دەکات.

لە ژمارە (٥٣٧) ی ئەم گۆڤارە ئازیزەو، هەر لەم گۆشەیەی خۆمدا بابەتێکم بەنێوی (وەزارەتی شارەوانی.. هەنگاوێکی پیرۆز بۆ جوانترکردنی سیمای پایتەختی هەرێم) بڵاوکردەوەو، تیایدا ئاماژەم بەو بڕیارەی بەڕێز وەزیری شارەوانی کردبوو، کە پەیوەستە بەجوانکردنی سیمای پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەلابردنی ئەو هەموو کەل و پەل و کەرەستانەی لەسەر شۆستەکاندا دانراون و لەزۆر شوێندا بوونەتە گرفت بۆ گوزەرکردنی خەڵک و هاووڵاتییان.

هەڵبەتە ئەم کارەی بەڕێزیان دەبێتە هۆکارێک بۆ پابەندبوونی هاووڵاتیان بەیاساو ڕێنماییەکانەوە، بۆیە ئەمجارەیش هەر لەم ڕوانگەیەوە داوا لەبەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم بۆ ئەوەی بەڕێزیشیان وەک بەڕێز وەزیری شارەوانی بڕیارێکی خێراو جیدی ڕابگەیەنێت، بۆ پاککردنەوەی هەموو ئەو عامموودانەی کارەبای سەرشەقام و نێو کۆڵانەکانی شار لەو وایەرانەی تێیان ئاڵێنراون، کە جگە لەگرفت و مەترسی بۆ سەر گیان و ژیانی کارمەندانی کارەباو تەلەفۆنات، لەولاشەوە ناشیرین کردنی سیمای شارەکەمان زێتر هێچ جۆرە جوانییەکی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت، لەپاڵ ئەوەیشەوە پێویستە داوا لە (کۆمپانیای کالین)، خاوەن موەلیدە ئەهلییەکان بکرێت، کە هەرچی زووە خۆیان لەو دیاردە ناشارستانییە بەدوور بگرن و، ڕێگەی دیکەی گونجاتر بۆ کارو ئەرکی ڕۆژانەی کارە خزمەتگوزارییەکانی خۆیان بدۆزنەوە.



# لە بازاڕەکان ... گۆشتی ڕۆست بە گۆشتی خۆماڵی دەفرۆشن!

**ڕاپۆرت/ هێمن محەمەد**

ماوەیەکە دیاردەیەک لەنێو هەندێک لەگۆشت فرۆشەکانی شاری هەولێر پەیدابووە کە گۆشتی ڕۆست لەجیاتی گۆشتی خۆماڵی بەکڕیارەکان دەفرۆشن بەبێ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە کە ئەمە گۆشتی ڕۆستی هاوردەیە نەک گۆشتی خۆماڵی، بە وتەی هاووڵاتییانی شاری هەولێر ئەم دیاردەیە لەئەندازە دەرچووە، بەشێوەیەک ئەو هاووڵاتییانەی سەردانی گۆشت فرۆشەکانی شاری هەولێر دەکەن، بەئاشکرا ئەم دیاردەیە دەبینن و پشت ڕاستی دەکەنەوە، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر نکۆڵی لەم دیاردەیە ناکات و باس لە سزادانی چەند گۆشت فرۆشێکیش دەکات. **هاووڵاتی (فازڵ عەبدولڕەحمان)، یەکێکە لەو کەسانەی بۆ چەند جارێک بەمەبەستی کڕینی گۆشتی خۆماڵی سەردانی گۆشت فرۆشەکانی بازاڕی هەولێری کردووە، باس لەم دیاردەیە دەکات و دەڵێت:** هەندێک لە گۆشت فرۆشەکانی شاری هەولێر گۆشتی جوانییان هەڵواسیوە چەند پارچە گۆشتێکیان لەسەر مێزەکەی بەردەمیان داناوە کاتی داوا دەکەیت کیلۆی گۆشت بەچەند، گۆشت فرۆشەکە دەست لەڕانی گۆشتە هەڵواسراوەکە دەدات و پێت دەڵێت بە (١٢) هەزار دینارە، واتە بەکەمتر لە نرخی بازاڕ بەدوو تاسێ هەزار دینارێک، ئەم هەرزانییە هۆکارێکە کە گۆشتەکە بکڕیت، لەکاتی کێشانی گۆشتەکە هەندێک لە گۆشتی سەرمێزەکە دەخاتە ناوعەلاگەکەوە، کە دەڕۆیتەوە ماڵەوە دەبینیت ئەو گۆشتەی هێناوتە دووجۆرە بەشێکی گۆشتی خۆماڵییە بەشەکەیی دیکە گۆشتی ڕۆستە!! لەگەڵ گۆشتی خۆماڵی تێکەڵ دەکرێ بە هاووڵاتییانی دەفرۆشن!!

**(باڵا نامق) پیشەی قەسابە چەند ساڵێکە دوکانی قەسابی هەیە لە شاری هەولێر پێیوایە** ئەم دیاردەیە کارێکی ناشیرینە باس لەوەشدەکات ئەم دیاردەیە ماوەیەکە زیادی کردووە بەتاییەت لەوکاتەی گۆشتی خۆماڵی بەرزبۆتەوە خەڵکانی هەژارو کەمدەرامەت لەتوانایان دانییە گۆشتی خۆماڵی بکڕن هەندێک لە گۆشت فرۆشەکان سوودیان لەم گران بوونەوەی گۆشت وەرگرتووە گۆشتی ڕۆست کە نرخەکەی زۆر هەرزانە لە دەرەوەی وڵات دەهێنرێت دەیکڕن دوای دانانییان لەبەردەم پانکەو مەوبەریدە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک گۆشتە ڕۆستەکەشی دەبێتەوە پارچە پارچە دەکەن تاشێوەی بەگۆشتی خۆماڵی دەچێت یان دەیکەن بەقیمە ئەوکات بەخەڵکانی دەفرۆشن بەگۆشتی خۆماڵی، بەڵام بەهەرزانتر لەنرخی بازاڕ یان لەگەڵ گۆشتی خۆماڵی تێکەڵی دەکەن بەبێ ئەوەی کڕیارەکان ئاگاداربکەنەوە.

**بەڕێوەبەری چاودێری بازارگانی هەولێر نکۆڵی لەبوونی ئەم دیاردەیە ناکات و دەڵێت:** بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی ئاژەڵ لە کوردستان و بەرزبوونەوەی نرخی گۆشت و بوونی خواست لەسەر گۆشتدا گۆشت لەچەند وڵاتێکەوە دەهێنرێتە کوردستان بەتاییەت لە وڵاتی بەرازیل و هیند و ماڵدیڤ سەبارەت بەجۆری ئەم گۆشتانە **(محەمەد عەباس) بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر گوتی:** ئەم گۆشتانە بەر لەوەی بێتە بازاڕەکان پشکنینی بۆ دەکەین ئەگەر دڵنیانەبوون لەچۆنیەتەکەی ڕێگەنادەین مامەڵەی پێبکرێت **گوتیشی** بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک گۆشتی هیندی لە بازاڕەکانی کوردستان قەدەغەکرا، بەڵام ئێستا بەهۆی باش بوونی جۆرەکەی دیارە ڕێگە دەدرێت بهێنێتە بازاڕەکانەوە. **سەبارەت بە سزادانی ئەو کەسانەی گۆشتی ڕۆست بەگۆشتی خۆماڵی بە هاووڵاتییان دەفرۆشن گوتی:** ئێمە بەبەردەوامی چاودێری بازاڕەکان دەکەین سزای ئەو کەسانەش دەدەین کە گۆشتی ڕۆست لەجیاتی خۆماڵی بەهاووڵاتییان دەدەن و گوتیشی لەم ڕۆژانە (٤) لە قەسابەکانمان بە (١٠٠) هەزار دینار سزاداوە، چونکە گۆشتی ڕۆستیان کردبووە قیمە لە جیاتی گۆشتی خۆماڵی بە هاووڵاتییانییان فرۆشتبوو.

## قایمقامی قەزای بەردەڕەش بۆ گۆڤاری :

# پڕۆژە گرنگەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەڤەری بەردەڕەش فراوانتر دەبێ



**بەردەڕەش لە ساڵی ١٨٩٠ لە سەردەمی عوسمانییەکان بووەتە ناحیە و بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠) لە کۆبوونەوەی ژمارە (٤) لە ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٢ ناحیەی بەردەڕەشی سەر بەقەزای ئاکرێوە بوو بە قەزایەکی سەربەخۆ سەر بەپارێزگای دهۆک، لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٤/٨ ڕێورەسمی دەستبەکاربوونی قەزاکە بەڕێوەچوو و یەکەم قایمقام (مازن محەمەد سەعید) دەست بەکاربوو. هۆکارەکانی بە قەزابوونی بەردەڕەش بێگومان بۆ دێرینی ئەم دەڤەرە لەلایەنی کارگێرییەوە دەگەڕێتەوە کە لەساڵی ١٨٩٠ لەسەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بووەتە ناحیە و بەرفراوانی ئەم دەڤەرەش کە ڕووبەرەکەی نزیکە (٤٠٠,٠٠٠) دۆنم دادەنرێت و ژمارەی دانیشتوانیشی دەگاتە (١٠٢) هەزار کەس و ١٠٦ گوند لەخۆی دەگرێت، جگە لە شوێنە ستراتیژییەکەی کە دەکەوێتە نێوان هەر سێ پارێزگاکانی (دهۆک و هەولێرو موسڵ).**

**ئێستاش دوای بەسەرچوونی زیاتر لە (٢) ساڵ بەسەر بەقەزابوونی بەردەڕەش، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر لە دەزگا و فەرمانگەی دیکەی حکومی لەم قەزایەدا کردووەتەوە.**

**دیمانە: حەکیم حکمەت- بەردەڕەش**

*** لە ماوەی دوو ساڵی بە قەزابوونی بەردەڕەش چەند پڕۆژەی بۆ ئەنجام دراوە؟**

- بەلێ بێگومان بەردەڕەش بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠٠٧/٤/٨ کرا بە قەزا و ئێمە وەکو یەکەم قایمقام دەستمان بەکارەکانمان کرد، دوای دەست بەکاربوونمان لەم قەزایەدا توانیمان کۆمەڵێک پڕۆژە لەو دەڤەرە ئەنجام بدەین، بەتایبەتی لە بواری تەندروستی و پەروەردە و بواری کارگێڕی و شارەوانی و زۆر بواری دیکەی وەکو ئاوو کارەبا و چەندین فەرمانگەی دیکەش هاتنە کردنەوە، هەروەها کردنەوەی دوو ناحیەی نوێ ئەوانیش ناحیەی ڕۆڤیا و دارەتوو بوون، دیسان بەستنەوەی ناحیەی کەلەک بە قەزای بەردەڕەش، هەر لەهەمان کاتدا چەندین بنکەی پۆلیس لە ناحیە و شوێنەکانی دی هاتنە کردنەوە و جێگریی ئاسایش و سەرۆکایەتی شارەوانی ڕۆڤیا و فەرمانگەی تاپۆی خانووبەرە و بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەریش هاتۆتە کردنەوە، هەروەها چەندین فەرمانگەی دیکەمان پێشنیارکردووە لە سنووری قەزاکەمان.لەدوای بەقەزا بوونی بەردەڕەشیش زۆر پڕۆژەی گرنگ و ستراتیژی ئەنجامدراون و لەماوەی ئەم دووساڵەدا ( ٤٨ ) پڕۆژە کە دەکاتە بڕی زیاتر لە ( ٣٠ ) ملیار دیناربۆی تەرخان کراوە.

*** دەڤەری بەردەڕەش دەڤەرێکی کشتووکاڵییە و ژمارەیەکی زۆری بیری ئیرتوازی لێ هەڵکەندراوە، ئایا تا چ رادەیەک سوود لەو بیرە ئاوانەدا کراوە و ئێوەش تا چ ڕادەیەک هاوکاری ئەم جووتیارانەتان کردووە؟**

- بێگومان بەردەڕەش دەڤەرێکی کشتوکاڵییە و خەڵکی ئەم دەڤەرەش بەشی زۆری داهاتیان لەسەر کشتوکاڵە، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی بەردەڕەش بە پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی زۆر خزمەتیان بۆ بکات، وەکو دابینکردنی ئۆتۆمبێلی جوتیاران لە لایەن یەکێتی جوتیارانەوە بە نرخێکی هەرزانتر لە بازار، هەروەها دابینکردنی تراکتۆر و ساڵانە کاتی وەرزی چاندن تۆی گەنم و جۆ و پەینی کیمیاییان بەسەردا دابەش دەکرێت.هەروەها لە کاتی بەرووبوومە ئاوییەکانیش وەکو تەماتە و برنج پەینی و کیمایی و تۆی تەماتە و باینجان و خەیار بەسەریاندا دابەش دەکرێت.

هەروەها بەهۆی ئەو وشکە ساڵییەی بۆماوەی دووساڵی رابردوو دەڤەرەکەی گرتۆتەوە، بۆیە ئاسانکاری پێویست لەلایەن حکومەتەوە کرا بۆ ئەوەی مۆڵەت بە جوتیاران بدرێت کە بیری ئیرتوازی لێبدەن .هەروەها لەلایەن فەرمانگەی ئاوی ژێر زەوییەوە لە دانوسانەکانی بڕیاریدا بەهۆی وشکە ساڵییەوە دەرفەتێکی تر بەخەڵکی بدات دوای رازیبوونی کارگێڕی پارێزگای دهۆک و بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی کە بیری ئاوی سەرزەوی لێبدرێت.ئەویش لە رووی نرخەوە هەرزانترە کە بۆ سەوزە و باخ و ئاودانی مەڕو مالات سوودی لێ وەردەگیرێت، و خزمەت کردنی جوتیاران لە هەموو بوارێکەوە بەردەوامە.

*** لە سنووری قەزای ئێوە چەندین گوند هەن کە دەکەونە سنووری مادەی ١٤٠، ئایا تاوەکو ئێستا ئێوە توانیوتانە چ بۆ ئەو گوندانە ئەنجام بدەن؟**

- بەلێ لە سنووری قەزاکەماندا ٢٥ گوندی سەربە ناحیەی کەلەک دەکەوێتە سنووری مادەی ١٤٠ دا دوای ساڵی ٢٠٠٣ رزگار کراوە، خەڵکی ئەم گوندانەش زۆربەی هاتوچۆی ئێمە دەکەن، چونکە زۆرینەیان کوردن و بۆ ئەوەی خزمەتیان بۆ بکرێت، زۆریش لە داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ کراوە، وەکو دابینکردنی مولیدەی کارەبا و ئێستاش ڕێگای گوندی ( زەنگل ) لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دروست دەکرێت.هەروەها خزمەتگوزاری دیکە وەکو نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەی (ئاش قەلەو، نازمییە، گەویلان) و لەگەڵ پڕۆژەی ئاوو کارەبایان بۆ دروست دەکرێت. دەتوانین بڵێین لەسەردەم بەعسی رووخاودا ئەم گوندانە فەرامۆش کرابوون، ئێستاش پارێزگای مووسل هیچیان بۆ ناکات، بۆیە ئێمە ئەوەی لەتوانامان‌دا بێت خزمەتیان دەکەین و ئەو پڕۆژانەی کە پێویستن لەسنووری قەزای بەردەڕەش پێشکەش دەکەین لەهەمان بەرنامەدا بۆ ئەو گوندانەش داواکاری پڕۆژەی زیاتر دەکەین.

# سواڵ کردن.. ناشیرنترین دیاردەی نێو کۆمەڵە

**رەوا موحسین بەکر**

لە نێو میللەتی کورد چەندە دیاردەی پێشکەوتن سەری هەڵدابێ هێندەش دیاردەی نارێک لە پەرەسندن دایە، یەکێک لەم دیاردانە کە کوشندەترین و ناشرین ترین دیاردەی بەرچاوە دیاردەی (سواڵکردن)ە کەتا ئێستا نەتواندراوە بنبڕ بکرێ و رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، من بەش بەحاڵی خۆم کە قوتابیەکی کۆلیژم هەستم دەبزوێت بەرامبەر بەو دیمەنە تراژیدیانەی ئەو منداڵ و ئافرەت و کوڕی بچووک لەسەر شەقامەکان دەست پان دەکەن رۆژانە ئەوە پیشەیانە بۆ نان پەیداکردنی رۆژانە ناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان ناشرین کردووە، لێرەدا دەمەوێ پرسیارێک بکەم ئایا ئەم سواڵ کەرانە گشتیان رووت و لێقەوماون یاخود کردارێکە کە زۆربەیان خۆیان پێوەرگرتووە لە بنەڕەتەوە بۆیان ماوەتەوە؟ من پێم سەیرە کە لەو سەردەمەی ئێستاماندا بەدەیان دەزگای خێرخوازی بۆ بێ نەوایان کراوەتەوە جگە لەبەخێوکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانیان مووچەی مانگانەشیان لەم دەزگایانە بۆ دابین کراوەو، دەتوانم بڵێم هەندێ لەو سواڵ کەرانە فەقیریش نین دڵنیام زۆر لەوانە کە خاوەنی خانوو و ئۆتۆمبێل سامان و سەروەتێکی زۆرن کە بەم شێوەیە دەستیان کەوتووە دەتوانم بڵێم زۆر لەمانە زۆر دەوڵەمەنترن لە فەرمانبەرێکی حکومی کە داهاتی مانگانەی بڕە پارەیەکی کەمە، بەڵام لەبەر خۆشەویستی کەرامەت و پاراستنی هەست میللەت و کۆمەڵگا بژێوی رۆژنەیان پێ هەڵدەسورێنن و زۆر بەڕاشکاوی بەرگەی ژیانی ناخۆشیش دەگرن تەنها بۆ پارێزگاری لەهەست و نەستی خێزانی کچ و کوڕ و کۆمەڵگایان.

لێرەدا پرسیارێکم لا دروست بووە ئایا ئەم سواڵ کەرانە ئەو بڕەپارەیەی کەکۆی دەکەنەوە بەسواڵکردن ئایا پێیان باشترە لەو بڕە پارەیەی کە لەدەزگاکانی خێرخوازی و حکومی وەری دەگرن کە بریتیەە لە (١٥ تا ٣٠) هەزار کە ئەویش بەسێ مانگ جارێک وەری دەگرن، بۆیە من لەلایەن خۆمەوە داوا لە حکومەتی هەرێم و بەرپرسان دەکەم کە چارەسەرێک بۆ ئەم دیاردە ناشرین و نەوستراوە بدۆزنەوەو بن بڕی بکەن.

*** کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی کۆمەڵناس**



# کورسی میراتی کەس نییە



**بەکر کەریم حەسەن***

هەر پۆست و پلە و پایەیەک لە ژیانی مرۆڤدا بۆ خزمەت گەیاندنە بە بەرامبەرەکەو بە میللەت و خاک و نیشتمان، ئەو کورسیانەی رۆژانە لەسەری دادەنیشین بۆ ڕاهیی کردن و جێبەجی کردنی ئیشی هاوولاتیانە.

کورسییەکان کورسی خزمەت کردنن دەبێ بە ئەمانەتەوە لەسەری خزمەت بکەین و بێ ئەوەی منەت لەسەر هیچ کەسێک بکەین، چونکە ئەمانە کورسی میرات نین کە لەباب و باپیرانەوە بۆمان مابنەوە تاکو بە ئارەزوو و خواستی خۆمان تەراتێن و مامەڵەی پێ بکەین و لاف و گەزاف لەسەر خەڵک پێ لێ بدەین و هەر کاتێک بمانەوێ دابنیشین بڕۆین خۆ تورە بکەین... نەخێر بەڵکو ئەو کورسیانە ئەمانەتن و بە ئێمە سپێردراون، نەک بۆ خۆمان بەڵکو بۆ خەڵکە. من دەپرسم ئەگەر خەڵک و هاوولاتی نەبێت کورسی بۆ چییە و چ مانایەک دەبەخشێ؟! ... ئێمە بۆچی لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشین. ئەگەر خەڵک نەبێت ئەدی ئێمە چی بکەین، بۆیە کەسە دڵسۆز و لێهاتووەکان ئەوانەن کە کورسی دروست دەکەن نەک کورسی دروستیان دەکات... ئەوانەن کەوا دوێنێیان لەبیر نەکردووە و ئەمڕۆش پێش دەکەون و خزمەت دەکەن تا سبەیان درەوشاوەتر بکەن.

خەڵک و هاوولاتیان مەجبوور وابەستەی خۆ بەزل زانین و لەخۆبایی بوون و تورەبوونی ئێمە نین تا بەئارەزووی بەشێوەیەکی لێل وتەماوی رەفتار بکەین، زۆرن وەکو ئێمە کە دەرچووی بەشێکن یان قۆناغێکن، بەڵام ئێمە چووینەتە سەر کورسییەکە کە مووچەش وەردەگرین لەبەرامبەر جێبەجی کردنی ئیشی هاوولاتیانە نەک لەسەر بریقەی دەموچاو و بەژن وبالا و قسەی رەونەقمان، ئەگەر خەڵک نەبێ ئێمەش نابین، کەواتە با کورسییەکان جوان بکەین لەبەر چاوی خەڵک و با ژوورەکان و فەرمانگاکان خۆشەویست و سەرنج ڕاکێش بکەین لەبەر چاوی جەماوەر ئەویش کە رەفتار و گوفتار و کرداری جوانمان لەژیانی رۆژانەمان دا ئاوێتەی داخوازی و ویستی خەڵک بن.

*** بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات**